وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەڵاحەددین/هەولێر
کۆلێژی پەروەردە/مەخموور
بەشی زمانی کوردی

# ئــــەدەبــی فـــۆلــکـــلـــۆر

## وەرزی یەکەم

## ساڵی خوێندنی 2021/2020

مامۆستایانی بابەت:

فەرهاد عەزیز   کارزان محسن قادر

# مەتەڵ=لەگەز=لیچار

مەتەڵـیش بەشێکە لە ئەدەبی فۆلکلۆری گەلان. واتە بەشێکە لەو ئەدەبەی نەنووسراوەتەوە دەماودەم لە ناو خەڵکدا پشتاوپشت دەمێنێتەوە و بڵاو دەبێتەوە. مەتەڵ لە ڕێزی فۆلکلۆر و بەرهەمی زاری، یان دەمی خەڵکدا سنوور بۆ دانانێکی کورتی ڕووداوێک ، یان کەرەستە، یاخود ماددەیەکە ، بەڵام بە پێچەوانەی قسەی نەستەقەوە خەڵکی ئەم سنوور بۆ دانانە بە ئەنقەست لە شێوەیەکی نادیار یان تەماویدا دەردەخەن و ڕاستی وتنی قسەکە دەخەنە شێوەیەکەوە کە خەڵکی تر بیلێت، یان بیری لێبکەنەوە وهەلێبێنن. وەک دەڵێن: هەر دەڕۆیت و نایگەیتێ، کە (سێبەرە). یاخود بایی پوولێکە پڕ بە ژوورێکە کە (مۆم یا چرایە). لە مەتەڵدا هەر وەک قسەی نەستەق، شەقڵی تایبەتی سەرپەرشتی میللەت بەسەر ڕووداوی جیاجیای ژیانەوە ئاشکرایە توانا و بەهرەداری گەل لەوەدا دیارە کە زۆر بە کورتی و پاراوی و لە پاڵەوە کەرەستە و سروشتی شیعر بدا بەم ڕووداوانە.

مەتەڵ لە ئەدەبی فۆلکلۆردا هەروەک گاڵتەوگەپ، هەندێکجار بێ مەبەست و بۆ کات بردنە سەر، جووڵە زاخاوی مێشکە، هەندێکجار مەبەستی تایبەتی ژیانی هەیە و هەروەک گاڵتەوگەپ و بەشەکانی تری ئەدەبی فۆلکلۆر دەبێتە هۆی هەوڵدانی کۆمەڵایەتی و سیاسی. هەروەک لە مەیدانی ئەدەبدا زۆر جار هونەرمەند نیشانە بۆ مەبەستێکی سیاسی بەکار دەهێنێ و زۆرجار ئەم نیشانە بەکارهێنانە یان لەبەر باری سیاسییە یان لەبەر جوانیی نیشانە کە خۆیەتی لە ڕووی هونەرەوە، هەروەها مەتەڵیش بۆ ئەم مەبەستە بەکاردەهێنرێت، ئەو مەتەڵەی کە سەرەتاکەی لە ئەدەبی فۆلکلۆرەوە دەستپێدەکات چ ئەوەی مەبەستێکی تێدایە و چ ئەوەی تەنیا بۆ زاخاوی مێشکە لە ژیانی هەمەجۆرەی ئەمڕۆدا گەلێک جۆر شتی تازەی هێناوەتە بوونەوە، کە هەندێکیان هەر لە مەیدانی ئەدەبدان و هەندێکیان لە سنووری بزووتنەوەی زانیاری و ڕۆشنبیریی دان و هەندێکیش لەم سنوورە دەچنە دەرەوە.

بۆنموونە ئەمە لەسەر لاپەڕەی کۆوار و ڕۆژنامەکانی جیهاندا جۆرەها شتی نووسراو دەبینین کە بابەتی زاخاوی مێشکن و هەر یەکەشی دەچنە خانەیەکەوە لە خانەکانی بەرهەمی مێشک و هونەری مرۆڤەکان. لە ناو نەتەوەی کوردیشدا ئەگەر بەرهەمێکی زۆری مەتەڵی فۆلکلۆرمان هەبێت و لە کۆڕی ئێشکگرتن و شەونخوونی و دانیشتنی گوێ ئاگردانی شەوانی سەرمای کوردەواریدا مەتەڵیش چووبێتە ڕیزی بەشەکانی تری ئەدەبی فۆلکلۆری کوردەوە. ئەوا دەتوانین یەکەم ئەم مەتەڵی کوردییانە وەک مەتەڵی خەڵکی تر بکەین بە دوو بەشەوە. (مەتەڵی مەبەستدار) و مەتەڵێک کە تەنیا بۆ (زاخاوی مێشک)ــە. هەردوو جۆرە مەتەڵەکەش وردی و تێبینی و ژیری و وریایی و قووڵی تەماشاکردنی نەتەوەی ئێمە دەردەخات. تەماشاکردنی هەموو شتێکی دەوروپشت و هەموو ڕووداو و کەرەستەیەکی ژیانە.

ئەگەر لە مەتەڵی کوردی بگەڕێین و کۆی بکەینەوە ئەوا گەلێک نموونەی ئەم مەبەستە و باسی تریشمان دەست دەکەوێت. مەتەڵی کوردی وەک مەتەڵی گەلێک زمانی تر و وەک ئەدەبی فۆلکلۆر تێکڕا، دەستێکی باڵای هەیە لە پاراستنی هەندێ زاراوە و وشەی تایبەتی زمانی کوردیدا، بگرە زۆر جار لە داڕشتنی مەتەڵەکەدا لە پاڵ بیری وردда جوانییەکی پەیکەر و وشە هۆنینەوەش دەبینین. با لەم باری سەرنجەوە تەماشایەکی ئەم مەتەڵە بکەین کە بۆ (هێلکە) دانراوە و دەڵێت:

سایەقەی ساماڵ هەوری فەڕەنگی
دوو ئاو لە جامێ هەر یەک لە ڕەنگێ

زۆر جوان قەڵەمی هونەرمەندێک یا هۆنینەوەی هونەرمەندێک لە پشت جوانی و زمان و وشەیئەم جۆرە مەتەڵەوە دیارە، ئەم هونەرمەندەش هەر خاوەنەکەی هەموو فۆلکلۆری کوردییە. واتە نەتەوەی کوردی سەرفراز خۆیەتی.

مەتەڵی فۆلکلۆری کوردی لە پاڵ ئەم سروشتانەیدا، بووەتە سەرەتایەک بۆ مەتەڵیش لە ئەدەبی نووسراوەی کوردیدا. هەرچەندە زۆری مەتەڵە ئەدەبییە نووسراوەکان، هەر لەو کاتەوە کە ڕێگەیان بەرەو لاپەڕەی کۆوار و ڕۆژنامەکان گرتووەتەبەر لە قاڵبی فۆلکلۆر دەرچوون و هەندێکیان چوونەتە ڕیزی ئەدەبی نووسراوەوە، هەندێکیش هەر لە سنووری ئەدەبیاتدا ژمارە ناکرێ. بگرە جۆرە وشە ڕیزکردنێکی هونەرمەندانەیە بە مەبەستی مێشک و کات بردنە سەر.

ئەو بەشەی یەکەمیش بۆیە بە ئەدەبیاتی نووسراو دەزانرێت، چونکە لە ناو خەڵکدا پەیدا نەبووە، بگرە نووسەر و شاعیرانی ئێستامان دەیاننووسن تەنانەت لە مێژووی ئەدەبیاتی هاودەممان‌دا دەتوانین ئەوە تۆمار بکەین کە چەند شاعیری ناسراومان، بە شێوەیەکی هونەرمەندانە لە مەتەڵ داناندا بەشدار بوون. بە تایبەتی ئەو شاعیرانەی بە پەروەردەکردنی نەوەی تازەوە خەریکبوون.

مەتەڵ (بە زمانی ئینگلیزی: Riddle) و (بە زمانی عەرەبی: لغز)ــی پێدەگووترێت. بە واتای گرێکوێرە و شتی ئەستەم و ئاماژەیە بە وتەیەکی هۆنراو کە مەبەست و واتایەکی شاراوەی تێدایە و ڕادەی بیرتیژی، وریایی، زیرەکی و ژیری مرۆڤ هەڵدەسەنگێنێت. لە زمانی کوردیدا بۆ وشەی مەتەڵ ئەم وشانەش بەکار دێن: هەتەڵ، مەیل، هەڵێنە، چەوچە، مامک، تێدەرخستۆک، تشتانۆک، دەناچییە، لیچار، چمام، قاف، پەردەک، چێ کە چێ کە.

لێکدانەوەی مەتەڵ زۆر شتی نادیار و شاراوەمان بۆ دەردەخات، جگە لەوەی ڕادەی بیرتیژی، ژیری و وریایی نەتەوەییمان بۆ دەردەخات، زۆر زاراوە و وشەی تایبەتی ئەو زمانەش لە تیاچوون دەپارێزێت. لە زمانی کوردیدا بە هۆی فرەدیالێکتی و زاراوەی جۆراوجۆر، هەر ناوچەیەک مەتەڵی تایبەت بە خۆی هەیە و ئەمە دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوونی مەتەڵەکان. پێکهاتەی مەتەڵ ڕستە یا دەستەواژەیەکی وەسفکراوە کە توخمی وەسفکراو بەشی بنەڕەتی پێکهاتەکە پێکدێنێت. لە هەر مەتەڵێکدا لانیکەم بابەتێک هەیە کە ئاشکرا وەسف دەکرێت(بابەت) و هەواڵێک سەبارەت بەو بابەتە دەدرێت( هەواڵ) وەک:

«دارەکەی سەر تەجەرە، هەر پەلێکی سەد خەنجەرە» (خۆر)

( دارەکەی سەر تەجەرە) بابەت و ( هەر پەلێکی سەد خەنجەرە)هەواڵ.

هەندێك مەتەڵ دوو یا چەند بەشی وەسفییان هەیە، وەک:

«سەوزە وەک خەیار، بەرزە و ەک چنار، ترشە وەک هەنار» ( ڕێواس).

لە مەتەڵدا جوانکاری و جۆرەکانی هونەری زمان پاراوی و ڕەوانبێژی و هونەرەکانی بەدیدەکرێن، وەک: خوازە، چواندن، کینایە، دژیەکی، تێهەڵکێش، تیل نیشان، کورتبڕی و...هتد. زۆربەی زۆری مەتەڵەکان کێش و سەروادارن و بڕگەیین، یان بە شێوەی پەخشانێکی ڕازاوە و هۆنراون.
باوای چەفت و چێڵ، دایەی سەرپانە/ کوڕیان شیرینە و کوڕەزا دێوانە
باوای چەفت و چێڵ: خواستن لە دارمێو
دایەی سەرپانە: خواستن لە گەڵا
کوڕیان شیرینە: خواستن لە ترێ
کوڕەزا دێوانە: خواستن لە مەی

# سوودەکانی مەتەڵ

بۆ هەڵسەنگاندنی هۆش و وریایی و بیرتیژیی. (ڕادەی هۆشیاریی و شارەزایی مرۆڤ)
کێبرکێ و کات بەسەر بردن. (پشوودان و خۆشیی)
بەهێزبوونی بیر و هۆش و زەین. (جووڵە و زاخاوی مێشك)
پاراستنی وشە و زاراوەکان. (دەوڵەمەندکردنی زمان)
لێکدانەوەی باری کۆمەڵناسی، ئابووری، مێژوویی، کەلتووری و ...هتد.
زانیاری لە مەڕ ژیان و شارستانی ڕابردووان. (لە مەتەڵ، معریفە: زانست و زانین بەدیدەکرێت)

# جۆرەکانی مەتەڵ

زۆرێک لە مەتەڵەکان زەینی بیۆینەی خەڵک دروستیان کردووە، لە سەرەتادا زۆر سەرسووڕهێنەر و دوور لە زەینن، جاری واهەیە وشەیەک بۆ سەرلێشێوانە و مرۆڤ بە هەڵەدا دەبات و لە وەڵامی دروستی مەتەڵەکە دووریدەخاتەوە وەک:

« ملی هەیە و سەری نییە، باسکی هەیە و دەستی نییە» (کراس)

جاری وایە بڕێ لە وشەکان بۆ ئاهەنگینکردنی و ڕازاندنەوەی مەتەڵەکە دێن و هیچ مانایەکیان نییە وەک:

« هەلاران و مەلاران، هێلکە دەکەن لە داران، بۆ فەقیر و هەژاران» دوو وشەی هەلاران و مەلاران بۆ ڕازاندنەوەی مەتەڵەکە هاتوون

زۆرێک لە مەتەڵەکان بۆ بەر لە ئیسلام دەگەڕێنەوە و لە گەڵ پەندی پێشینیاندا کۆنترین دەقی پەخشانی کوردی پێکدەهێنن، وەک:

«ڕەقە بە ڕەق دەکەوێ، سوورە بە نەرمی دەکەوێ» (دڕك و پووش)

چوومە سەر بەردێ، ڕوانیم لە زەردێ، داری بە چەپۆک، بەر بوو لە بەردێ» (ئاشی ئاو)

«زەوی لافاوە، شارێک لە سەر ئاوە، هەموو زیندەوەرێکی لە ناوە» (گەمییەکەی نووح)

بەشێک لە مەتەڵەکان بابەتی ئیسلامییان تێدایە و سەر بە سەردەمی ئیسلامین وەک:
«پیاوێ نوێژی دەکرد، سەڵام لای ڕاستی داوە نوێژەکەی بەتاڵ بوو، سەڵام لای چەپی داوە تەڵاقی کەوت، سەری هەڵبڕی ڕۆژووەکەی شکا»
بەشێک لە مەتەڵەکان دەچێتەوە سەر ئامێر و کەرەستەی نوێی ئەمڕۆ، وەک:
«ئەوە چییە بەرزی دەکەیتە و یەک پای هەیە، دایدەنێیت سێ پای هەیە» (فەرخون)
بڕێک لە مەتەڵەکان گاڵتە و گەپ و پێکەنینیان تێدایە و هەندێکی تریان جنێو، قسەی تاڵ و ترش و جاری واشە بابەتی شیرین و خۆشی تێدایە، وەک:
«دەمی تاقە، چاوی زاقە» (کڵاو)
«سەری یەکە و بنی دوو، بە باو باپیرتا چوو» (شواڵ)
«بنی دەگڵی، قەدی دەکەرێ، سەر دەتوو، ئەگەر نەزانی چاوت دەرێ» (کەنگر)
«بە شەوا قسرە و بە ڕۆژا ئاوس» (پێڵاو)

# پۆلێین کردنی مەتەڵ بە پێی بابەت

ئایینی «پێنج فەرزی بێ بیسمیلا»(بانگ)
«بیگری مشتێکە، بەری دەی دەشتێکە» (نەوس)
« خۆی فەڕزە، نییەتی سونەت» (غوسڵ)
«خۆی سونەتە، نییەتی فەرز» (دەسنوێژی مەییەت)
«بیبینی لە بەری ناکەی، لە بەری بکەی نابینی» (کفن)
سروشت و ژینگە: «دەڕوا پێی نییە، دەخورێ گۆشتی نییە» (ئاو)
«سەری سپییە و مووی نییە، هەڵدەپەڕێ و پیی نییە» (تەرزە)
ئەندامەکانی لەش: «بانێکە و هەیوانێکە، چوار بزنە و شوانێکە» (پەنجەی دەست)
کەل و پەل: «ئاغای شەو، خانمی ڕۆژ» (گەسک)
«لایێ کوورەیە، لایێ کڕێوە» (یەخەچاڵ/ سەلاجە)
«کلکی دارە، ملی خوارە، دەمی هارە» (داسوکە)

ئامێر و کەرەستە: «کارت پێ بێفڕەی دەدەی، کارت پێ نەبێ هەڵیدەگری» (تۆڕی ڕاوەماسی )
«هەتا بایدەی، قورستر دەبێ» (تەشی)
«هەموو زمانێ دەزانێ» (قەڵەم)
«سێ یاریزان، دوانزە سەیرکەر» (کاتژمێر)
خۆراک: «ناوی شارێکە، لە سەر دارێکە» (پرتەقاڵ)
«سەری دەبڕی و بۆی دەگری» (پیاز)
«بە ساقی مەلا، بە شکاوی حاجی» (هێلکە)
ئاژەڵ و بەرهەمی ئاژەڵی:«دەخوێنێ بولبول نییە، مەلە دەکا ماسی نییە، هەڵدەبەزێت کەروێشک نییە» (بۆق)
بیرو هۆش: «دە لە دەیان دەرێنی، دەمێنێتەوە دە» (دەسکێش و پەنجەکانی هەردوو دەست)
«تا لێی زیاد بێ، کەم دەکا» (تەمەن)
«بەڕۆژ لە گەڵتا دەڕوا، بە شەو دادەنیشێ» (سێبەر).